کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
15-11-2007 21:03بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**کامیان بەهێزترە، کوردایەتی یان شیعەتی ... سیامەند هاریکی**

پێش چەند ڕۆژێک، بە بریارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بارەگاکانی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان (پچدک) لە هەموو ئەو هەرێمانەی لەژێر دەسەلاتی خۆیان دا، هێزەکانی ئاسایشی هەرێم هەلیانکۆتایە سەر و داخران، چۆنکە دوای چوار سال تازە بەرپرسیارەکانمان پێیان زانی، ئەو پارتە مۆلەتی یاساییان نی یە.

بە ووتەیی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە هەموو هەلبژاردنەکانی عیراقیش دا، نەیان هێشتبوو ئەو پارتە لەگەل لیستی هاوپەیمانی کوردستان دا بەشداری لە هەلبژاردنەکان دا بکات، بۆیە بە لیستێکی سەربەخۆ وە بە تەنها بەشداری لە هەلبژاردنەکان دا کردبوو.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، ئایا چۆن ئەو پارتە بە بێ مۆلەتی یاسایی توانی لە هەردوو هەلبژاردنەکان دا بەشداری بکات... یان چ جۆر دەسەلاتێکە، دوایی چوار سال پێ بزانێت پارتێک بوەتە خاوەن چەندەها بنکە و بارەگا، بەبێ ئاگاداری و مۆلەتی دەسەلاتی هەرێم... باشە ئەگەر ئەمە پارتێکی نەیار بووایە لەو ماوە درێژەدا، نەدەتوانی گەورەترین پیلان و بەرنامە دژ بەو دەسەلاتە دارێژن و ئەنجام بدەن...

بەلام دیارە، ئەمانە هەموویان هەر ئاخافتنی بازاری ڕۆژ و ڕاگەیاندنن، چونکە زۆر دوورن لە عەقل و مەنتیق بۆ کەسانێک کە شارەزاییێکی کەمیشیان، لە بواری سیاسەتی ئەو دەسەلاتە و ئەو ناوچەیەدا هەبێت، بە تایبەتیش لەم ڕەوش وکاتەدا.

هۆکاری سەرەکی لە پشت هەموو ئەو کارانە دا، تەنها ئینتیمای ئەو پارتەیە بۆئایدیۆلۆژیای پارتێک کە هێزە سەرەکییەکەی لە بەشێکی تری وولاتەکەمان دایە و تا ئێستا، وەکوو پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە تەواوی قەدەری خۆی نەخستوتە بەر ڕەحمەت و ژێر دەسەلاتی هەرێمی کوردستان دا، ئەمەش بۆ کوردەکانی باشووری کوردستان، دیارە تا ئێستا (تەبوو*) یە، حەرامە.

هەتا ئەم دیدوبۆچۆن و ڕەفتارانە، بە تەواوی دژ بە ڕێباز و پرنسیپەکانی حیزبە سەرەکییەکانی ناو ئەو دەسەلاتەشن، چۆنکە لەسەردەمی شۆرەشی شێخ عوبەیبدوللای نەهری و کۆماری مەهاباد دا ڕۆلی کوردەکانی باشۆری کوردستان، بەتایبەتیش بارزانیەکان وحیزبی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەو شەر و شۆرەشانە دا جێگایەکی گەورە لەو مێژووە سەربەرزەیی گەلەکەمان دا تۆمارکرابوون و هەموو گەلی کوردیش شانازی بەو مێژووە دەکات.

بە هەمان شێوە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش، لە سەرەتای هەشتاکان دا ڕۆلێکی گەورە لە یارمەتیدانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دا هەبووە، لەو پارچەیەی وولاتەکەمان دا. بەلام بەداخەوە لەوەتی نیمچە دەسەلاتێکمان دوای 1991 کەوتووتە ژێر دەستمان، چەندەها جار لەگەل دەسەلاتدارەکانی تۆرکیا وئیران دا، دژایەتی و شەر دژ بە هێزەکانی بەشەکانی تری وولاتەکەمان دا کردووە، زیانێکی گەورەش بە دۆزی گەلەکەمان گەیاندووە.

ڕاستە پیلان و هەرەشەکانی ئیمرۆیی نەیارەکانمان و دۆستەکانی گەورە ن، بەلام بە هیچ شێوەیێک بۆ کوردپەروەران ونیشتیمانپەروەران بە قەدەر، کوردکوژی و براکوژی و مۆری خیانەت گەورەنین.

هیچ بیانوییێکیش کوردکوژی و براکوژی حەلال ناکات. چونکە نەیارەکانمان بەوەش نەوەستاوون و ڕازی نەبونە، ئێستا بە ئێمە دەلێن کوردی چاک و بەوانیکەش دەلێن کوردی خراپ، بەلام لە جەوهەر دا بۆ ئەوان هەمووومان کوردین و هەمووومان خراپین ودوژمنیانین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

15-11-2007 21:03بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وەکوو دەزانین زیاتر لە 60%ی دانیشتوانی عیراق شیعەن، لەوەتی وولاتێک بە ناوی عیراق درۆستبووە عەرەبە سۆنیەکانی ئەو وولاتە، شیعەکان بە (مووالی، تابع) لایەنگرانی ئیران تاوانباردەکرێن وە ئێستاش بەهەمان شێوە زۆربەی هەرەزۆری پارت و لایەنەکانی شیعە ئەو تاوانەیان دەدرێتە پال، لە هەمووشیان زیاتر حیزبی دەعوە.

لەم دوایەدا نەک تەنها سۆنەکانی عیراق، بەلکوو زۆربەی هەرە زۆری سیاسەتمەدارانی ئەمریکا و ئەورۆپا و رۆژهەلاتی ناوەراست ئەو راستی یەیان بۆ دەرکەوت، هەروەکوو لە هەندێک سەرچاوەکانی راگەیاندنیش دا دیومان و رایان گەیاند، کە لە دوای نەمانی رژێمی بەعس، شارەکانی باشووری عیراق بەتایبەتیش کەربەلا و نەجەف پربوونە لە وێنەکانی ئیمام خۆمەینی و بەتەواوی سیماییێکی ئیرانی بالی بەسەر ئەو شارانەدا کێشاوە، لەو هەرێمانە دا بالا دەستبوونە. بەلام تا ئێستا هیچ حیزب و لایەنێکی شیعە، بە فەرمی رانەگەیاندووە، کە ئەوە تاوانیکە، فلان لایەن دەیکات، یان داوای داخستنی بارەگاکانی یەکتریان نەکردوە، راستە لەم دوایەدا، هەندێ شەرو ناکۆکی لەبەینی هەندێک لایەن دا پەیدابوون، بەلام بێجگە لە ناکۆکی شەخسی، لە روالەت دا هیچی کە نەبوو.

بە بووچوونی زۆربەی هەرەزۆری سیاسەتمدارانیش، مەترسی گەورەی ئەمریکاش لەمەر دابەشکرِدنی عیراق و بەرنامە فیدرالیەکەی لەوێوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە لەوە دەترسن، دوای جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە هەر سنوور لە بەینی ئەو هەرێمە فیدرالیە وئیران دا نەمێنن و ببنە پارچەییێک لە ئیران.

ئەو هەمووە وەلائو دلسوزی و وەفایەی، ئەو هەموو لایەنە شیعانە بۆ ئیران هەیانە، بە هیچ شێوەییێک ورۆژیک لە رۆژان بۆ گەلانی تری عیراق و خاکەکەی نەبووە، بیجگە لەو مەزهەبە هیچ شتێکی تری هاوبەش لەگەل ئیرانیەکان دا نیانە. چونکە وەک وولات و نەتەوە دوو گەل و وولاتی جیاوازن، نەک وەکوو کۆرد بە زۆری زۆردار وولاتەکەیان دابەشکرووە و هەتا چەندەها خێزانیش لەگەل ئەو دابەشبوونە بەسەر چەند پارچەییێک دا دابەشبوونە، ئەگینا یەک وولات وە یەک نەتەوەین.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە وە جێگای پرسیارە، ئەوەیە... ئایا بۆچی بەرپرسەکانمان لە باشووری کۆردستان، تا ئێستا باسی ئەو شتانە ناکەن، بۆچی بۆ کۆرد هەموو شتێک تاوانە وتەبوویە لە کاتێک دا، کە ئێمە بەشێکی زۆر گرنگی ئەو دەسەلاتەین، کە ئەمرۆ فەرمان دژ بە کۆرد دەیدەن و پێکدەهێنین.

کام لە سەرکردە شیعەکانی عیراق هەیە، ئەگەر لە ترسی ئەمریکا نەبێت، مال و بارەگاکانی خۆیان بە وێنەکانی ئیمام خۆمەینی نارازێننەوە. باشە کەی هەلوێست و کارەکانمان، بۆنێکی لۆژیک و زانستی و ریالیستی و نیشتیمانپەروەری لێدێن و پێوەدیادەبن، کەی ئۆمێدێک دەدەینە گەلەکەمان دەدەنێ بۆ دوارۆژێکی باشترو گەشتر...

کەی هەستی نەتەوایەتی لای کۆرد، نیوئەوەندەی هەست وبروای مەزهەبی وئایینی خەلکانی تر لێدێن..
... 13 .11 .2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.